وانەی 37

1. نزا و پاڕانەوە

پێشڕەوی گروپ: پێویستە لەسەر پێشڕەوی گروپ کە نزا و پاڕانەوە بکات، لەو کۆرسەدا باسی دروستکردنی قوتابی بکات کە چۆن قوتابی دروستدەکەین شوێنکەوتەی مەسیح بێت.

2. پەرستن (20 خولەك)

ڕاهێنان لەسەر بوونی خودا

فێر بکە کە پەرستن چییە؟ پێناسەی پەرستن ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە

- پەرستن: بریتییە لە هەڵوێستێکی شکۆدار و بەرز، وەك ملکەچی و گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی خودا و لە شێوەی جۆراوجۆردا دەردەبڕدرێت، لەوانە نزا و پاڕانەوە و نوێژ و...هتد، بە بەردەوامی.

بۆ ئەوەی خودا بپەرستین دەبێ بزانین کە خودا کێیە، لەم وانەیەدا ئێمە فێری ئەوە دەبین کە بزانین بوونی خودا چییە و چۆن دەیپەرستین.

بابەت/ پەرستن بە مەبەستی بوونی خودا و خۆ نزیککردنەوە لێی

1. خودا لە هەموو شوێنێکدا هەیە "زەبورەکان 139: 7 ـ 10" بخوێنەوە.

خودا بەڕاستی لە هەموو شوێنێکدا هەیە لەم جیهانەدا، خودا لە ئێمە نزیکە، بەڵام ئێمە هەمیشە ئاگاداری بوونی ئەو نین، بوون یان نزیك بوون، لەبەرئەوە پێویستە ڕاهێنان لەسەر بوون و نزیکی خودای گەورە بکەین.

2. بە ویژدانەوە ئاگامان لە بوونی خودا بێت "زەبورەکان 27: 4" بخوێنەوە.

ئێمە ئەگەر شتێکمان ویست پێویستە داوای ئەو شتە بکەین و لە دواییدا بە دوای ئەو شتەدا بگەڕێین، ئەمەش بریتییە لە نیشتەجێبوون لە ماڵی خودا بە درێژایی ژیان، لەگەڵ سەیرکردنی جوانی خودایی!

چۆن ئێمە بەشێوەی کرداری ئەمە ئەنجام دەدەین؟

- دەست بکە بە نزا و پاڕانەوە بەبێ دەنگی بۆ ماوەیەکی کورت، لەو ماوە کورتەدا بیری خۆت بهێنەرەوە کە خودا بوونی هەیە و لێمانەوە نزیکە، بە هێواشی بە ویژدانەوە بیری بوونی خودا بکە.

- بەردەوامبە لەسەر نزا و پاڕانەوە بە بیرکردنەوەی قوڵ و پەرستن و ڕامان لە جوانی خودایی. جوانی خودایی پێك دێت لە هەموو تایبەتمەندی و

دەسەڵاتەکانی خودا، لەوانەش هێزی خودایی، پیرۆزی، ڕاستگۆیی، بەزەیی، خۆشەویستی، بیروباوەڕ... هتد.
جا بیربکەوە و با ڕۆحی پیرۆز لەکاتی بیرکردنەوەتدا مانای ئەمانەت بۆ ڕوون بکاتەوە کە ئەمانە چین، ئەمەش لەناو لاپەڕەکانی ئینجیلدایە، بیرکردنەوە بە تایبەتی لەم پرسیارانەی خوارەوەدا دەبێت:

1. ئەم تایبەتمەندیەی خودای گەورە مانای چییە بۆ خودا؟
2. بۆ خودی تۆ وەکو کەسایەتیەك ئەم تایبەتمەندییەی خودا مانای چییە؟
3. لەگەڵ خودادا بوون بە وورياييەوە "زەبورەکان 16: 8 ـ 11".

- دووبارە و دووبارە ئەو کارانە بکە کە داود ئەنجامی داون، هەمیشە خودا بکە بە پێشەنگ، داود بە لەسەرخۆیی و زانایانەوە بیری لە بوون و نزیکی خودای گەورە دەکردەوە.
- هەمیشە مەشق و راهێنان بکە و لە چالاکیەکانی ڕۆژانەتدا بیر لە بوونی خودای گەورە بکەوە، هەمیشە خودات لەیادبێت کاتێك لەگەڵ خەڵك دەدوێیت، کاتێك پلانێك دادەنێیت، کاتێك خەریکی خوێندنەوەیت.
- بیری خۆت بهێنەرەوە کە هەمیشە خودا لەلای ڕاستی تۆوە وەستاوە و نایەڵێت تۆ توشی ئازار و ناڕەحەتی بێیت، بیر بکەرەوە مەبەست چییە لە ڕاوەستانی خودا لەلای ڕاستی تۆ، لەو ساتەدا ئەو سەیری تۆ دەکات و هەموو شتێك دەبینێت، ئەو گوێت لێ دەگرێت و هەموو شتێکیش دەبیستێ، خودا هەموو شتێك دەربارەی تۆ دەزانێت و بیر لە تۆ دەکاتەوە، ئەو بە تۆ دەگات و شتت پێ دەڵێ، ئەو لەلاتە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو!

بوونی خودا بەمانای بوونی شتی جیاواز لە کاتی جۆراوجۆردایە. هەندێك جار خودا لەلای تۆیە تاوەکو ئاگادارت بکاتەوە، هەندێك جار سەرزەنشتت دەکات، لە هەندێك جاری دیکەدا خودا ئاسوودەیت پێ دەبەخشێ، بەهێزت دەکات، چارەسەرت دەکات، هەندێك جار هانت دەدات و نهێنیت بۆ ئاشکرا دەکات بە ڕووی تۆدا، دەرگا داخراوەکان بەڕووی تۆدا دەکاتەوە.

- نوح لەگەڵ خودا بوو "پەیدابون 5: 22؛ 6: 9" خودا بە هاوڕێ بانگی ئیبراهیمی کرد "ئیشایا 41: 8"، عیسا بە قوتابییەکانی خۆی دەگوت هاوڕێیان "یۆحەننا 15: 15" ئینجا با مەشقی بوونی خودا بکەین.

پەرستن:- با لە بێدەنگیدا بۆ ماوەی 3 خولەك خودا بپەرستین و ڕاهێنان بکە بۆ ئەوەی وریابیت بەرامبەر بە نزیکی و بوونی خودا.

3- بەشداربوون (20 خولەك)

بەشداربە (ئەو تێبینی و سەرنجانەی کە وەرتگرتووە) لە بیرکردنەوە لەو شتانەی کەوا لە خودای گەورەوە فێری بویت، لەو کاتەی کە خۆت بۆ خودای گەورە تەرخانکردووە "یەشوع 1 – 4" گوێ بگرە لە بەرامبەرت چی دەڵێت و پەسەندی بکە و دواتر لێکی بدەرەوە.

4- فێرکردنی گروپی دۆزەرەوە (70 خولەك)

لێرەدا چەند ڕێگایەك هەن کە مەسیحیەکان دەتوانن لێیەوە وتار بدەن و مێژووی ژیانی مەسیح و ئامۆژگاریەکانی فێری خەڵکی بکەن. شێوازی پێ ڕاگەیاندنی تاکە کەسی و گروپی بچوك بچوك و ئەدەبی ڕاگەیاندن و دراما و میوزیك و گۆرانی

هەیە کە لە ڕێگەی هەموو ئەوانەوە فێری خەڵکی دەکرێن کە عیسای مەسیح کێیە. لێرەدا تۆ فێری ئەو کەسانە دەکەیت کە چۆن ئینجیل بە یەکەوە و بە گروپ بخوێننەوە و لێیەوە چیرۆکی ژیانی مەسیح و پەند و ئامۆژگاریەکانی فێر بن.

أ. بنەما ئینجیلیەکانی ڕاگەیاندنی مەسیحیەت

بدۆزەرەوە و گفتوگۆی بکە کە ئایا بنەماکانی ڕاگەیاندنی مەسیحیەت چین، بەتایبەتی لەناو ئینجیلدا چۆن باسی کراوە.

1. بانگەوازی کردن بۆ ئەوانەی کە مەسیحی نین "کۆلۆسی 4: 2 ـ 4؛ کردار 16: 14" بخوێنەوە.

سەرنج:- بانگەوازی ئەندامانی خێزانەکەت و هاوڕێیان و هاوپیشەکانت بکە، ئەوانەی کە باوەڕیان نەهێناوە، تاوەکو هەلیان بۆ ڕەخسێ باوەڕ بهێنن و دڵی خۆیان بۆ لای خودا بکەنەوە و نزا و پاڕانەوەکانیان گیرابێت.

2. بەشداریکردن لەگەڵ ئەوانەی کە مەسیحی نین (یۆحەننا 2 : 1- 12) (کردار 10: 8) بخوێنەوە

سەرنج:- هەوڵ بدە کە ئەوانەی مەسیحی نین بەئاگابێنەوە، لە ڕێگای بانگهێشتکردنیان بۆماڵەوە، دەبێت ماڵت هەمیشە کراوە بێت بۆیان، بانگیان بکە تاوەکو بێن و ببینن کە مەسیحیەکان کێن و چی دەکەن و مەبەست و ئامانجیان چییە، لە چالاکیەکانتدا بەشداریان پێ بکە و ڕێگایان پێ بدە تاوەکو ببینن و بزانن کە ئایا لە کاتی پەرستن و بیرکردنەوەدا چ ڕوودەدات و چۆن کاریگەری لەسەر ژیان و گوزەرانی خێزان دەبێت، دواتر ئەو کارانەی تۆ دەبێتە هۆی گەیاندنی نامەیەکی بەهێز بۆ ئەوان، ئینجا ئەوانیش شوێنی ئەو ڕێبازە دەکەون.

3. ئینجیل بخوێنەوە لەگەڵ ئەوانەی کە هێشتا نەبونەتە مەسیحی "کردار 8: 30 ـ 31، 35؛ 17: 2 ـ 4؛ ڕۆما 15: 14 ـ 17".

سەرنج:- باوەڕ لەوەوە دێت کە ئەو پەیامەیان پێگەیشت و ئەو پەیامەش لە ئەنجامی گوێبیست بوون لە ئامۆژگاریەکان مەسیحیەوە دێت، بۆ ئەوەی کەسێك ببێتە باوەڕدار دەبێت فێربکرێت و گوێ لە ئینجیل و ژیانی مەسیح بگرێت. هەمیشە هانی خەڵکانی دیکە بدە تاوەکو بخوێننەوە و لەگەڵ تۆدا لێکۆڵینەوە لەسەر ئینجیل بکەن، لەم ڕێگایەوە ئەوان لەلایەك زانیاریان بەدەست دەگات و لەلایەکی دیکەوە تەواو شارەزای بەسەرهات و ژیانی مەسیح دەبن.

ڕێگا: بە نموونە گروپێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ئینجیل دابنێ و دواتر بۆ ماوەی چەند مانگێك یان ساڵێك هەفتانە باسی سەلماندن و ڕوونکردنەوە و باسەکانی دیکەیان بۆ بکە، ئەمەش دەبێت ئەو بابەتانە لەخۆ بگرێت کە لە (کردار 17) باسی لێوە کراوە.

دەبێت باس لە دەقەکانی ناو ئینجیل بکرێت و بە ووردی ڕوونبکرێتەوە و گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و بسەلمێنرێت.

ڕونکردنەوە: واتا ڕونکردنەوەی هەموو ئەو بەشە قورسانەی ئینجیل کە تێگەیشتنیان تا ڕادەیەك قورسە.

سەلماندن: بە واتای هێنانەوەی بەڵگە و ڕاستی دەربارەی ئینجیل، ئەوەش بەهۆی سەلماندنی چەند بەشێك بەچەند بەشێکی دیکەی ئینجیل. ئەو سەلماندنەش هەمووی دەربارەی خودا و مەسیح و مردن و ڕۆژی زیندووبونەوەیە.

ئامانج: مەبەست لە گروپی لێکۆڵینەوەی ئینجیل بریتییە لە دۆزینەوە و گفتوگۆکردنی ئینجیل دەربارەی ڕاستییەکانی خودای گەورە، مرۆڤ، ژیان.
بابەت:
- یارمەتی ئەوانە بدە کە باوەڕیان نەهێناوە، بۆ ئەوەی تێبگەن کە ئینجیل چی دەڵێت، لە ڕاستیدا دەربارەی ئەو بابەتانەی خوارەوەیە:
• خودا کێیە و دەیەوێت چۆن پەیوەندی لەگەڵ ئێمەدا هەبێت؟
• عیسای مەسیح کێیە و چ کارێکی ئەنجام داوە و سەرئەنجامی بەکوێ دەگات؟
• ژیانی بێ خودا وەکو چی وایە؟ ئەمە بەرەو کوێمان دەبات؟
• ژیانی بە باوەڕ بە خودا وەکو چی وایە؟ سەرئەنجامی بەکوێ دەگات؟
• چۆن مرۆڤێك دەتوانێت پەیوەندی مرۆڤێکی دیکە تاقی بکاتەوە لەگەڵ خودای گەورەدا؟
5- لێیگەڕێ با ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوە ڕاستیەکان بدۆزنەوە.
"1کۆرنسۆس 9: 19 ـ 23؛ لۆقا 4: 18 ـ 19" بخوێنەوە.
- سەرنج:- یارمەتی ئەوانە بدە کە مەسیحی نین، تاوەکو لە ڕاستیەکانی ئینجیل تێبگەن و بۆیان دەربکەوێت کە ڕاستییەکان لەکوێ دان.
ئەو شتانەی کە خەڵك وەکو پێویستی ژیان سەیریان دەکات زۆر جیاوازن.
- هەندێك خەڵك پێداویستی جەستەییان هەیە: ئەوانەی کەوا نەخۆشن و کەم ئەندامن و ماندوون، برسی و تینون، چەوسێنراوەن.
- هەندێك خەڵك پێویستی سۆزداریان هەیە: ئەوانە وا هەست دەکەن کە لەسەلامەتیدا نین، بونیادی خۆیان لەدەست داوە، حەز بە بوونی خۆیان ناکەن، لە گرژییەکی دەروونی گەورەدا دەژین و ترسێکی قوڵی دەروونیان هەیە.
- هەموو کەسێك پێویستی ڕووحی هەیە: ئەوانە هەست بە تاوان دەکەن لە ڕابردوو و ئێستادا، هەمیشە ڕقیان هەیە بەرامبەر ئەوانەی کە لە خودا یاخی دەبن و بە ئاسانی خودایان لەکیس دەچێت.
- زۆربەی خەڵك پێویستی هەڵسوکەوتیان هەیە: ئەوانە بە زۆری لە خووڕەوشتی خراپدا دەژین و دەکەونە داوی نەزانیەوە، هەندێك جار ئەوانە توشی وونبونی مۆرکی هەڵسوکەوتی ڕاستەقینە دەبن.
6- یارمەتی ئەوانە بدە کە مەسیحی نین، تاوەکو پەیوەندی بە ڕاستیەوە بکەن بۆ ژیانی خۆیان.
"مەرقۆس 1: 14 ـ 15؛ کردار 3: 19؛ 2کۆرنسۆس 6: 1 ـ 2".
سەرنج:- هانی ئەوانە بدە تاوەکو پەیوەندی بکەن بە ڕاستییەوە و ژیانیان لەناو ڕاستیدا بەرنەسەر، داوایان لێ بکە کە وەڵامی پەیامی ئینجیل بدەنەوە کە داوایان لێ دەکات. وەکو ڕزگارکاری مرۆڤ سەیری مەسیح بکەن و خودا بخەنە ناو دڵەکانیانەوە. خودا هەر تەنها بۆ گۆڕینی بیروڕامان ئینجیلی بۆ ئێمە نەناردووە، بەڵکو بۆ گۆڕینی ژیان و گوزەرانمان.
ب – گروپی لێکۆڵینەوەی ئینجیل گروپێکی نزیکە لە گروپە بچوکەکانی بڵاوکەرەوەی بیروڕای مەسیحیەت.
لایەنی کرداری گروپی لێکۆڵینەوەی ئینجیل فێربکە.

1- شوێن، ئەتمۆسفێر، چالاکیەکان
شوێن:- شوێنێکی گونجاو هەڵبژێرە، وەکو ژورێکی بچوك لەماڵەوە یان شوێنێکی گونجاوی دیکە بۆ کۆبونەوە.
2- قەبارە:- با کۆبونەوەکە بچوك بێت، واتا دوو یان چوار جووت بن (جووت مەبەست کەسێکی مەسیحی و کەسێکی دیکەی لەگەڵدایە).
نزیکبوونەوە: دەبێت ئاگادار بیت کە هەموو چالاکیەکانت نافەرمی بێت، واتا نابێت هەندێك چالاکی فەرمی مەسیحی هەیە ئەنجامیان بدەیت، لەوانەیە وتاردان و سرود گوتن و نوێژکردن، بەڵکو چالاکیەکانی گروپی لێکۆڵینەوە تەنها خوێندنەوە و گفتوگۆ لەخۆدەگرێت لەسەر ئینجیل، لە هەندێك کلتور و شوێندا ئەو چالاکییە فەرمییانە لەوانەیە ببێتە هۆی ترساندن و سەرسامبوونی خەڵك و لە مەبەستە سەرەکیەکە لایانبدات، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە مەسیحیەکانیان تێدا کەمینەن و دەچەوسێنرێنەوە. ئەنجامدانی ئەو چالاکیانە زۆر سەختە، لەبەرئەوە دەبێت مەسیحیەکان ئاگادار بن لە کاتی نوێژکردن و پاڕانەوە دەنگیان نەچێتە دەرەوەی شوێنی نوێژکردن و پاڕانەوە، یان نابێت بە کۆمەڵ زۆر لەگەڵ یەکتریدا بن، بەڵکو دەبێت تاك تاك یان دوو بەدوو بە یەکەوە بن، تاوەکو مەترسی لەسەر ژیانیان دروست نەبێت.
دواوەی دیمەن:- لە بارودۆخی ئارام و مۆدێرندا، تەواوی چالاکیەکانی وەکو میوزیك و خوێندنەوە و پاڕانەوە ئەنجام بدە، پێش و دوای گروپی لێکۆڵینەوە، ئەگەر گونجا خواردنەوەی وەکو چا پێشکەش بکە، لەپێش و دوای گفتوگۆکانی گروپی لێکۆڵینەوە.
کات: دەبێت پێشڕەوی گروپ کاتی خۆی بزانێت کە 60، 90، 120 خولەکە، لە کاتی خۆیدا دەست پێبکات و لە کاتی خۆشیدا کۆتایی پێ بێنێ، ئەمە زۆر گرینگە بە تایبەتی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا کە خەڵکەکانی دەبێت بخوێنن و سەرقاڵ بن.
3- کەسێکی مەسیحی و کەسێکی نامەسیحی دوانەیەك پێك بهێنن.
بانگەوازی:- کاتێك چەند مەسیحیەکی کەم بڕیاری پێك هێنانی گروپی لێکۆڵینەوە دەدەن هەموو هەفتەیەك و بۆ ماوەی چەند مانگێك و دواتر هەموو مەسیحیەك هەوڵ دەدات کە هاوڕێیەکی دیکەی نامەسیحی بانگهێشت بکات بۆ کۆبونەوەکان.
مەبەست:- مەبەست لە گروپی لێکۆڵینەوە بریتییە لە دۆزینەوە و گفتوگۆکردنی ڕاستیەکانی ناو ئینجیل، پاشان زانینی ڕاستیەکان دەربارەی خودا و ژیان.
بەیەکەوە: دەبێت ئەو هاوڕێیە نامەسیحیەی لەگەڵ خۆتدا دەیهێنی هەوڵ بدەیت لە تەنیشتیەوە دابنیشیت و ئاگاداری کۆبونەوەکەتان بێت و بەیەکەوە گفتوگۆ بکەن.
4. سەرەتا ناساندن: پێشڕەوی گروپ بەخێرهاتنی هەموو کەسێك دەکات، هەموو کەسێك خۆی دەناسێنێت (تەنها ناوی یەکەم و پیشەکەی) پێشڕەوی گروپ مەبەستی کۆبونەوەکە ڕوون دەکاتەوە و گفتوگۆکانیش بەم شێوانەی خوارەوە دەبێت:

مەبەست: مەبەست لە گروپی لێکۆڵینەوە بریتییە لە دۆزینەوە و گفتوگۆکردنی ڕاستیەکانی ناو ئینجیل و پاشان زانینی ڕاستیەکان دەربارەی خودا و ژیان.
خوێندنەوە:- بەشێك یان دەقێك لە ئینجیلدا دەخوێنیتەوە و دوو جار دووبارەی دەکەیتەوە، سەرەتا هەموو بە یەکەوە، دواتر بۆ خۆمان، سەرەتا هەر یەکێك لە دانیشتوانی بازنەکە ئایەتێك دەخوێنیتەوە، هەتاوەکو دقەکە تەواو دەبێت، پاشان هەر یەکێك تەواوی بۆ خۆی تەواوی دەقەکە دەخوێنێتەوە.
پرسیارەکان:- لێرەدا 3 تا 4 پرسیار دەوروژێنرێت کە دەبێت لەسەرتادا ئەو پرسیارانە بەشێوەی گروپی بچوکی 2 کەسی ڕوون بکرێتەوە و گفتوگۆیان لەسەر بکرێت.
گفتوگۆکردن: پاشان هەموومان واتا تەواوی گروپەکە هەوڵ دەدەین کە تەواوی پرسیارەکان و سەرنج و تێبینیەکان ڕوون بکەینەوە.
پوختە: لە کۆتایدا پوختەیەکی دەقەکەمان دەست دەکەوێت.

5. خوێندنەوەی ئینجیل:-

چاپی ئینجیل: سەرەتا دەبێت هەر یەکێك هەمان چاپی ئینجیل بەکار بهێنێت کە لەبەردەست دایە، واتا دەبێت وەکو یەك بن، دەتوانیت کۆپیان لەبەر بگرێتەوە تاوەك هەریەکێك کە هاوڕێیەکی دیکەشی لەگەڵدایە وانەیەکی خۆی هەبێت.
بەیەکەوە خوێندنەوە: دوای ئەوەی هەریەکێك پەڕەگراف یان بەشی خۆی لەبەردەستدا بوو بەیەکەوە دەست دەکەن بە خوێندنەوە، لە گروپەکەدا هەریەکەی ئایەتێك دەخوێنێتەوە.
خوێندنەوەی بە تەنها: دوای ئەوە داوا دەکەین کە هەریەکە و بۆ خۆی ئەو بەشە بخوێنێتەوە، جارێك یان زیاتر بێت.

6. جۆری پرسیارەکان کە لەلایەن گروپی لێکۆڵینەوە بەکاردێت دەبێت پێشڕەوی گروپ ئەو پرسیارانە بکات کە وا دەکات خەڵك بە ئاسانی لە ڕاستیەکان تێبگەن، ئەو بەشە بە جوانی بۆیان ڕوون ببێتەوە، ئەم پرسیارانەی خوارەوە تەنها نمونەیەکی سادەن کە ڕوونی دەکاتەوە چۆن پرسیارەکان دروست دەکرێن و پرسیارەکان چین. پێشڕەوی گروپ لە هەر بەشێکدا سێ یان چوار پرسیار ئامادە دەکات، بە لایەنی کەمەوە پرسیارێك لە هەر یەکێك لەوسێ گروپەی خوارەوە دەکرێت.

گروپی یەکەم: جۆری پرسیار (عیسای مەسیح چی دەکات؟)

- چۆن عیسای مەسیح ئەرك و مافی خۆی پیشانی خەڵکی دەدات و باسی دەکات؟
- چۆن عیسای مەسیح تێگەیشتنی خۆی بۆ پێویستیەکانی خەڵك پیشان دەدات؟
- چۆن هەڵدەستێت و بۆچی عیسای مەسیح لەهی ئەمڕۆ جیا دەکرێتەوە؟
- چۆن عیسای مەسیح دەڕوانێتە کێشەکانی ژیان؟ کێشەکانی وەکو نەزانی، نەخۆشی، مەترسی، ڕەخنە، شەڕانگێزی، خۆپەرستی، بەرهەڵستی، مردن.... هتد.
- چۆن عیسا توانی خۆی بۆ یارمەتی خەڵك نیشان بدا؟

- چۆن عیسا دەسەڵاتی خۆی بەسەر حاڵەتێکی تایبەتی ژیان پیشان دەدات؟
- گرینگی ئەوە چییە کە (عیسای مەسیح لێرە چی دەکات)؟
- گرینگی و مانای ئەوە چیە کە (عیسای مەسیح لێرە چی دەڵێت)؟ یان بۆچی ئەوە دەڵێ؟
- بۆچی هەندێك شتی دیاریکراو دەڵێ؟ بۆ نموونە بۆچی عیسا هاتۆتە سەر زەوی؟
- چی فێردەبین دەربارەی سروشتی مرۆڤ و ژیان، یان جیهان بە گشتی لە گوتە و گوفتارەکانی عیسای مەسیح؟

گروپی دووەم: جۆری پرسیار (عیسای مەسیح کێیە)؟
- ئەم ڕووداوانە چ لایەنێکی گرینگی کەسایەتی دەردەخات؟
- عیسا بانگەوازی چی بۆخۆی دەکات؟
- عیسا مەبەستی چیە کاتێك دەڵێت؟ (من ڕووناکی جیهانم) یان (خۆراکی ژیانە)؟
- کێ بیر دەکاتەوە کە عیسا کێییە؟
- سەدان ساڵ پێش عیسا پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن دەربارەی ئەو چی دەڵێن؟

گروپی سێیەم: جۆری پرسیار (چۆن خەڵك دەتوانێت بچێتە ناو ژیانی کەسایەتی مەسیح و پەیوەندی لەگەڵدا ببەستێت)؟
- چۆن عیسای مەسیح دەیەوێت پەیوەندیمان پێوە بکات؟
- خەڵکی چۆن وەڵامی کار و فەرمانەکانی عیسای مەسیح دەدەنەوە؟
- عیسای مەسیح داوا دەکات کە مرۆڤ پێویستە چی هەبێت تاوەکو پەیوەندی لەگەڵ ئەودا هەبێت؟
- عیسای مەسیح پێشبینی چی لە ئێمە دەکات؟
- چ گۆڕانکاریەك بەسەر ئەو کەسەدا دێت کە باوەڕ دەهێنێت؟
- باوەڕدار دەتوانێت پێشبینی چی بکات تاوەکو پەیوەندی لەگەڵ خودادا هەبێت؟
- هەنگاوە سەرەتاییەکانی پەیوەندی لەگەڵ خودا چین؟
- خەڵکی چ بیانویەك دەیهێنێتەوە تا باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنن.
- مانای ئەمانە چین: (بە نموونە) (باوەڕ بوون) (قبوڵکردنی عیسا و خستنە ناو دڵ و ژیانەوە)؟
- چۆن کەسێك کرداریانە دەبێت (بە نموونە) یان (قبوڵکردنی عیسا و ناو دڵ و ژیانەوە)؟

6. دۆزینەوە و گفتوگۆکردن

تێکەڵاوبوون: گروپی لێکۆڵینەوەی ئینجیل بەیەکەوە جیادەکرێنەوە کە کاری خوێندنەوە و گفتوگۆ و ڕوونکرنەوە و سەلماندن ئەنجام بدات "کردار 17"، بەڵام نابێت لەو ماوەیەدا ووتاردان و فێرکردن و داواکردنت لەخەڵك هەبێت بۆ بڕیاردان. گروپی لێکۆڵینەوە بە تێکەڵاوبوون لەسەر بنچینەی یەکسانی لەگەڵ هەر یەکێکی دیکەدا جیا دەکرێتەوە.

- دۆزینەوەی ڕاستی بۆ خۆیان.
- گروپی لێکۆڵینەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە یارمەتی خەڵك بدات تاوەکو ڕاستیەکانی ئینجیلیان بۆ دەربکەوێت، لەبەر ئەوە لە کاتی لێکۆڵێنەوە و گفتوگۆکردندا لە شێوەی گروپی بچوك (هی مەسیحیەك و کەسێکی دیکەی نامەسیحی) دەبێت مەسیحیەکە هاوڕێکەی هانبدات تاوەکو لە کۆتایدا سەرنج و تێبینی خۆی بخاتە ڕوو، دواتر مەسیحیەکە داوا لە هاوڕێکەی دەکات گەر هەر پرسیارێکی هەیە بیخاتە ڕوو، لەوانە کام ڕاستیانە گرنگن کە ئێمە بیان دۆزینەوە؟ پێت وایە ئەمە مانای چییە؟ چۆن دەتوانیت بە حاڵەتی ئەمڕۆمانەوە ببەستێتەوە؟

کاری پێشڕەوی گروپ بریتییە لە ڕێکخستنی گفتوگۆ

کاری پێشڕەوی گروپ بریتییە لەوەی کە ببێتە ڕابەرێك بۆ ڕێکخستنی گفتوگۆکان لەوەی ببێتە مامۆستای ئینجیل، دوای ناساندن و خوێندنەوەی ئینجیل یەکەم پرسیار دەکات.

گروپە بچوکەکان کە لە مەسیحیەك و کەسێکی دیکە پێك دێت بۆماوەی پێنج خولەك هەوڵ دەدەن ڕاستیەکان بدۆزنەوە و گفتوگۆی وەڵامەکەی بکەن، پاشان پێشڕەوی گروپ لەگەڵ تەواوی گروپەکە گفتوگۆی پرسیارەکە دەکات، پاشان ڕێبەری تەواوی گروپەکە دەکات تاوەکو سەرنج و تێبینیەکانیان بخەنە ڕوو، هەر پرسیارێکی هەیانە بیخەنە ڕوو یان گفتوگۆی بەشێکی دیاریکراو، پاشان گفتوگۆیەك دەربارەی ڕاستیەکان دەکەن کە ئەوان دۆزیویانەتەوە، دواتر هەموو پرسیارەکان کە ڕووبەڕووی دەبنەوە بە ڕاستی وەردەگرێت و کاری لەسەر دەکات، بەڵام دەبێت ئاگاداریش بێت لە مەبەستی سەرەکی پرسیارەکە لانەدات. لە کۆتایی کۆبونەوەی گروپی دۆزینەوە، دوای ئەوەی ئەو پرۆسەیە سێ یان چوار جار دووبارە کرایەوە، پێشڕەوی گروپ کورتەیەکی دۆزینەوەکان باسدەکات بە تایبەت بە کێشانی چەند شتێکی ڕوونکەرەوە لەسەر تەختەیەکی سپی، دەبێت ڕوونکردنەوەکە دەربارەی ڕاستیەکان بێت کە گروپەکە لە ماوەی پێداچوونەوە لەو بەشەدا دۆزیویانەتەوە.

7- کاتی کۆبونەوەی گروپی لێکۆڵەرەوە (دۆزەرەوە)

بانگەوازی: پێشڕەوی گروپ دەڵێت ئەوە کۆتایی کۆبونەوەی ئەو هەفتەیەی گروپی دۆزەرەوەیە، تکایە هەفتەی داهاتوو خۆتان ئامادە بکەنەوە بۆ فڵان شوێن و فڵان بابەت... هتد.

ئێستا ئەگەر ئارەزوو دەکەیت ئەڕۆی فەرموو ئازادبە، ئەگەر ئارەزوو دەکەیت بمێنیتەوە ئەوە پشوو بدە و چا بخۆرەوە.

پەیوەندی: ئەو مەسیحیانەی کە کەسانی دیکەیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ کۆبونەوەکانی گروپ هێناوە دەبێت کاتی تایبەت دابنێن تاوەکو پەیوەندی بکەن بە هاوڕێکانیانەوە لەکات و شوێنی گونجاو، دەبێت هەل بڕەخسێنن بۆ گفتوگۆکردنی ڕاستیەکان.

جەختکردنەوە لەسەر تێگەیشتنی ئینجیل

کاتێك کەسێك مەسیحی پێشتر نەبووە بەڵام ئێستا ئامادەیە کە ببێتە مەسیحی و عیسای مەسیح وەکو ڕزگارکار بناسێت لەژیانیدا، دەبێت مەسیحیەکان بزانن

کەوا دیارە هاوڕێکەیان لە ئینجیل تێدەگات، ڕێگەکان جیاوازن، بۆ نموونە هەندێك جار وا پێویست دەکات کە داوای لێ بکەیت عیسای مەسیح وەکو ڕزگارکار بناسێت، هەندێك جار چەند پرسیارێکی گونجاوی ئاڕاستە بکەیت دەربارەی تێگەیشتنی خۆی بۆ ئینجیل.
سەرنجدانە مێژووی ژیانی مەسیح:
گروپی لێکۆڵینەوە تایبەتە بە ئینجیل و خوێندنەو، هەر کۆبونەوەکیش بۆخۆی پرۆگرامێکە لەناو خۆیدا، هەندێك کەس کە مەسیحی نین لەوانەیە تەنها یەك جار بێت، هەندێك لەوانەیە بە شێوەیەکی ناڕێك بێت یان لەوانەیە هەموو ڕۆژێك بێت، لەبەرئەوە کاری گروپی لێکۆڵینەوە ئەوەیە کە ڕاستیەکانی ئینجیل بخاتە ڕوو و گفتوگۆی ئەنجامەکانی بکات.
شوێن کەوتنی: گروپی لێکۆڵینەوە بەردەوام دەبێت تاوەکو چەند کەسێك دێنە ناو بیروباوەڕی مەسیحیەوە. عیسای مەسیح وەکو ڕزگارکاری ژیانی مرۆڤایەتی دەناسن. بەم شێوەیە دوای ئەوەی کە چەند کەسێك باوەڕی هێنا و بە تێپەڕبوونی کات زۆر بوون، پێویستە لە شوێنێکی تایبەت یان لە (خانویەك) کارەکانیان ئەنجام بدەن و پاشان گروپی لێکۆڵینەوە لە کارەکانی خۆی بەردەوام دەبێت و ناوەستێت بۆ دروستکردنی خەڵکی تازە و پڕاگەیاندنی بیروباوەڕی مەسیحی.
ج – دەستنووسی تایبەت بۆ گروپی لێکۆڵینەوە:
دەتوانیت بەشەکانی "مەتتا؛ مەرقۆس؛ یۆحەننا؛ ڕۆما 3؛ ئەفەسۆس 2" هەڵبژێردرێت بۆ گروپی لێکۆڵینەوە، دەتوانرێت ئەم دەقانەی خوارەوە بەرکاربێت:
1. "مەتتا 1: 18 - 2: 23" لەدایك بوونی مەسیح.
2. "مەتتا 4: 1 - 25" ڕاکێشان و فێرکردن و ووتاردان و چارەسەرکردن.
3. "مەتتا 5: 1 - 48" پیرۆزکردنی نوێ و ڕووناکی و یاسا.
4. "مەتتا 6: 1 - 34" بەخشین و نوێژ ڕۆژوو و پارە و دڵەڕاوکێ.
5. "مەتتا 7: 1 - 29" سزادان و نوێژ و وەچە و درەخت.
6. "مەتتا 8: 1 - 34" چارەسەرکردن و کرێی دواکەوتن.
7. "مەتتا 9: 1 - 38" چارەسەرکردن و بانگکردن و بەڕۆژووبوون.
8. "مەتتا 11: 1 – 30" پەرجوو و پادشایەتی پشوو.
9. "مەتتا 12: 1 - 50" خێزان و خزمەتکاری شانشین.
10. "مەتتا 13: 24 - 51" سەرگوزەشتەکان.
11. "مەتتا 15: 1 – 20" پاك و پیس.
12. "مەتتا 18: 1 - 35" سەرگوزەشتەکان.
13. "مەتتا 19: 1 - 30" مارەیی و منداڵ و دەوڵەندی.
14. "مەتتا 20: 1 - 28" سەرگوزەشتەی مردن و سەرکردایەتی.
15. "مەتتا 21: 28 - 46" سەرگوزەشتە.
16. "مەتتا 22: 1 - 40" سەگوزەشتە و حکومەت و مارەیی و خۆشەویستی.
17. "مەتتا 23: 1 - 39 دووڕوو و دوزمان.
18. "مەتتا 24: 1 – 51" هاتنی دوایی.
19. "مەتتا 25: 1 – 46" هاتنی دوایی و سزای کۆتایی.

20. "مەتتا 26: 13 - 57" تێکۆشان و دەزگیرکردن و دادگایی.
21. "مەتتا 27: 1 – 66" دادگایی و لەخاچدان و ناشتن.
22. "مەتتا 28: 1 ـ 20" زیندوکردنەوە و ڕاسپاردەی مەزن.
23. "مەرقۆس 1: 1 ـ 45" بەهێز و ڕۆحی، خودا و پشتبەستن و زیو، دراو و بەسۆز.
24. "مەرقۆس 2: 1 ـ 27" دەسەڵات، نەخۆشی و تەندروستی، پیر و گەنج.
25. "مەرقۆس 3: 1 ـ 35" یاسای ئایینی و پێویستی مرۆڤ، ڕۆحە خراپەکان و ڕۆحی پیرۆز، خێزان و خێزانی خودایی.
26. "مەرقۆس 4: 35 ـ 5: 43" دەسەڵات بەسەر سروشتدا، شەیتانەکان، مردن و نەخۆشی بێ چارەسەری.
27. "مەرقۆس 15:1 ـ 52" جیابونەوە و منداڵ و دەوڵەمەندەکان و سەرکردەکان و لەخاچدانی عیسا.
28. "مەرقۆس 15: 1 ـ 43" دادگایی و ڕەتکردنەوە و لەخاچدان و ناشتن.
29. "یۆحەننا 1:1 ـ 51" پێشتر بوونی عیسا بانگهێشتی خودابوو.
30. "یۆحەننا 2: 1 ـ 23" مارە بڕین، شایی، پەرستگا.
31. "یۆحەننا 3: 1 ـ 21" لەدایك بوونەوە و ڕزگارکردن و گوناهبارکردن.
32. "یۆحەننا 4: 1 ـ 42" ڕۆحی پیرۆز، پەرستنی ڕۆحی.
33. "یۆحەننا 5: 1 - 47" بانگهێشتکردن دەربارەی بانگەوازی عیسا بۆ خودا، گەواهیدان بۆ عیسا.
34. "یۆحەننا 6: 1، 15، 25، 72" خۆراکی پیسبوون، خۆراك بۆ بەرگەگرتنی ژیانی تاهەتایی.
35. "یۆحەننا 8: 1 – 59" بانگهێشتەکانی عیسا.
36. "یۆحەننا 9: 1 – 41" کوێری جەستەیی (فیزیاوی)، کوێری ڕۆحی.
37. "یۆحەننا 10: 1 ـ 39" شوان و مەڕ.
38. "یۆحەننا 11: 1 ـ 57" پەرجوو، چەوساندنەوە.
39. "یۆحەننا 12: 1 ـ50" پێشبینی مردن، باوەڕنەبوون بە عیسا.
40. "یۆحەننا 13: 1 ـ 38" پێشبینی خیانەت و نکۆڵیکردن.
41. "یۆحەننا 14: 1 ـ 27" بانگهێشتی عیسا، ڕۆحی پیرۆز.
42. "یۆحەننا 15: 1 ـ 27" مێو و لقەکانی، قین و ڕقی جیهان.
43. "یۆحەننا 17: 1 ـ 26" نوێژی عیسا.
44. "یۆحەننا 18: 1 ـ 40" دەزگیرکردن، دادگایی.
45. یۆحەننا 19: 1 ـ 42 سزادان لەخاچدان ناشتن.
46. "یۆحەننا 20: 1 ـ 31" زیندووبوونەوە و دەرکەوتن.
47. "ئیشایا 52: 13 - 53: 12" پێشبینی دەربارەی مرۆڤایەتی، ئازارچەشتن" سەرکەوتنی عیسای مەسیح.
48. "ڕۆما 3: 9 – 31" پێویستی ڕاستگۆیی، ڕاستگۆیی بە باوەڕەوە.
49. "ئەفەسۆس 2: 1 – 15" مردن لە گوناە و تاواندا، زیندووبونەوە بەهۆی مەسیح.

50. "کردار 1: 1 – 11؛ 1تەسالۆنیکی 4: 13 ـ 5: 11" بەرزبونەوە، دووبارە هاتنەوە.
51. "کۆلۆسی 1: 15 – 23؛ 2: 9 ـ 15" ناوبانگ و دەست ڕۆیشتنی عیسا.
52. "ئاشکراکردن 20: 11 ـ 21: 8؛ 21: 22؛ 22: 6" سزای کۆتایی، بەهەشت و زەوی نوێ.

د- نمونەی پرۆگرامی گروپی لێکۆڵینەوە:-

لێرەدا یەکێك لە نموونەکانی پرۆگرامی گروپی لێکۆڵینەوە ئاشکراکردن:

1. سەرەتا، ناساندن: با هەر مەسیحیەك لە تەنیشت ئەو هاوڕێیەی دابنیشێت کە مەسیحی نییە با بۆی ڕوونبکاتەوە کە مەبەست لە گروپی لێکۆڵینەوە بریتییە لە دۆزینەوە و گفتوگۆکردنی ڕاستیەکانی ناو ئینجیل دەربارەی خودا و مرۆڤ و ژیان.
2. خوێندنەوە: بەشێك یان دەقێکی ئینجیل دووجار بخوێنەوە، بەڵام با هەمان جۆری ئینجیل بێت، واتا لە یەکتری جیا نەبن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، سەرەتا "مەتتا 9: 1 ـ 38" بۆ یەك جار بە تەواوی بۆ خۆی بخوێنەوە.
3. پرسیارەکان: پێشڕەوی گروپ ئەم چوار پرسیارانەی خوارەوە ئامادە دەکات:

پ1/ چۆن عیسای مەسیح گرینگی و ویستی خۆی پیشانی خەڵك دەدات؟

پ2/ کام لایەنەی کەسایەتی مەسیح لە ڕووداوی چارەسەرکردنی پیاوە ئیفلیجەکەدا دەردەکەوێت؟

پ3/ عیسا مەبەستی چییە کاتێك دەڵێت؟ (دروێنە زۆرە، بەڵام کرێکار کەمە) "مەتتا 9: 37".

پ4/ لەم بەشەدا چۆن خەڵکی وەڵامی عیسایان دایەوە؟

هەموو ئەم پرسیارانە بە شێوەی گروپی بچووك گفتوگۆی لەسەر بکەن کە لە مەسیحیەك و یەکێکی دیکە پێك بێت، بۆ ماوەی پێنج خولەك پێش گفتوگۆکردن لەگەڵ گشت گروپەکەدا.

4. گفتوگۆ: بەشداری لە گفتوگۆکانی ئەو گروپە بچوکانەدا بکە، هەوڵبدە پرسیارەکان ڕوونبکەیتەوە و هەوڵ بدە نزیکەی 10 خولەك گفتوگۆی پرسیارەکان بکەیت و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەیت.

5. کورتە: لە دوای هەموو پرسیارێك گفتوگۆکانی وەڵامەکان کورت بکەرەوە، ئەویش لە ڕێگای بەشداریکردن لەگەڵ ئەندامانی گروپدا. لە کۆتایی هەموو کۆبونەوەیەکی گروپی لێکۆڵینەوە ئەو لێکۆڵینەوەیە بەهۆی کێشانی وێنە و ڕوونکردنەوەی ڕاستیە سەرەکیەکان کورت بکەوە کە گروپەکە دۆزیویەتەوە، لێرەدا ڕوونکردنەوەیەکی پوختی "مەتتا 9: 1 ـ 38" دەبینیت.